وێنەیەکی تەرجەمەکراوی
دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:47**
**رۆژی دەرهێنان:2004/11/21**

پشت بە حوکمی برگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ولەسەر ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە(54)ی رۆژی (2004/11/20) دا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(10)ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە(47)ی ساڵی/2004**
**یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992)ی**
**هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی یەکەم هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی یەکەم: ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە سەدو یازدە ئەندام پێك دێت).

**ماددەی دووەم:**

ماددەی شەشەم هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی شەشەم: بەپێی یاسایێ، هەیئەتێکی باڵای سەربەخۆ، بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکان و هەڵسووڕاندنی چالاکییەکانی هەڵبژاردن، لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا، پێك دهێنرێ. ئەم هەیئەتە لیستەکانی هەڵبژێرەران ئامادە دەکاو، مەرکەزەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمدا دیاردەکاو، رێنمایی پێویستیش بۆ ساناکردنی رەوشی هەڵبژاردنەکان و ناوزەدکردنی سەرۆکان و ئەندامانی لیژنەگەلی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن، دەردەهێنێ).

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی حەوتەم هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(هەیئەی باڵای سەربەخۆ کە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق دەکا، بۆی هەیە، شێوەو شێوازی سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکان لە چوارچێوەی یەکە ئیدارییەکاندا دیاربکاو، لیژنەگەلی مەرکەزەکانی هەڵبژاردنیش پێك بهێنێ).

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی نۆیەم ئیلغادەکرێ و، ئەمەی خوارەوە دێتەجێی:

(هەرێمی کوردستانی عیراق بە یەك ناوچەی هەڵبژاردن لە قەڵەم دەدرێ و، دابەش دەکرێ بەسەر مەرکەزگەلی هەڵبژاردندا).

**ماددەی پێنجەم:**

(ماددەی دەیەم لە یاساکە ئیلغادەکرێ).

**ماددەی شەشەم:**

ماددەی دوازدە لە یاساکە هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(لە پازدە رۆژەی پاش تەواوبوونی ماوەی ئەنجومەن، یان کاتێ خۆی بە بڕیارێ، خۆی هەڵوەشێنێتەوە، وادەی هەڵبژاردن بە بڕیاری سەرۆکی هەرێم دیاردەکرێ و لە رێگاکانی راگەیاندنەوە، بەسەر هاووڵاتیاندا، بەر لەو وادە دیارکراوە، بە ماوەیەك بڵاودەکرێتەوە لە مانگێ کەمتر نەبێ.

**ماددەی حەوتەم:**

ماددەی پازدە هەمواردەکریّو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
(لیستەکانی ناوی دەنگدەران، بۆ هەرێمی کوردستان، بەپێی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن، ئامادە دەکرێن و بەپێی پیتی ئەبجەدی ریزدەکریّ و پیشەو عینوان و بروارو شوێنی لە دایکبوونیانی تێدا دەنووسریّ، ئەگەر ئەوەش نەلوا، ئەوە، لەو بارەدا هەیئەی باڵا بۆی هەیە، ڕێگایەکی دیکەی لە بار، بۆ وەدەست هێنانی ئەو مەبەستە بدۆزێتەوە).

**ماددەی هەشتەم:**

ماددەی شازدە هەمواردەکریّ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
(هەیئەی باڵا، دابەشکردنی لیستەکان بەسەر مەرکەزەکانی هەڵبژاردندا، لە هەرێمدا، دەگرێتە ئەستۆی خۆی و، بە لەوحەگەلێکدا، کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەدەکرێن چەسپ دەکرێن، تا هاووڵاتیان بتوانن هەر هیچ نەبیّ، پێش پازدە رۆژ لەوادەی دەنگدان، لیستەکان ببینن، بە مەرجێکیش مۆری هەیئەی باڵایان لیّ درابیّ و بترواری ئیعلانکردنەکەی پێوە دیاربیّ، لەگەڵ رەچاوکردنی دەقی ماددەی پازدە).

**ماددەی نۆیەم:**

بڕگەی (2)لە ماددەی هەژدە هەمواردەکریّ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
(2-داواکە، لەگەڵ ڕای لیژنەی مەرکەزی پێوەندیداری هەڵبژاردن، پێشکەش بە هەیئەی باڵادەکریّ و، هەیئەی باڵاش، لە ماوەیەکدا، لە سیّ رۆژ نەترازیّ-کە لە رۆژی پێشکەش کردنی داواکەوە دەست پیّ دەکا-سەیری دەکاو یەکلای دەکاتەوە).

**ماددەی دەیەم:**

بڕگەی(1)لە ماددەی بیست و دووی یاساکە هەمواردەکریّ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
(هەر حیزبیّ، یان هەر گروپیّ لەکوردستاندا، بۆی هەیە لیستێکی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات، ناوی پاڵێوراوەکانی خۆی، لە چوارچێوەی کوردستانی عیراقدا، تێدا بێت، بە مەرجیّ رێژەیەك ئافرەتیان تێدابیّ، لە (25٪)کەمتر نەبیّ و، ناوی پاڵێوراوەکانیش بە جۆریّ ریزکرابیّ کە، لە کەمیی، ناوی یەك پاڵێوراوی ئافرەت لەناو چوار ناواندا هەبیّ ولەناو چوارناوەکەی پێشەوەی لیستەکەشدا، ناوەکان، هەر بەو شێوەیە ریزدەکرێن تا کۆتایی لیستەکە، بە مەرجێکیش، هەر لیستێکی هەڵبژاردن لە چوار پاڵێوراو کەمتر نەبیّ.

**ماددەی یازدە:**

هەردوو بڕگە(2، 3) لە ماددەی بیست وسیّ هەمواردەکرێن و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:
(2-خۆپاڵێو، بۆی هەیە، لە دادگای پێداچوونەوە(التمییز)ی هەرێمی کوردستان، تانە لە بڕیاری هەیئەی باڵا بدات، لە ماوەی دوو رۆژدا-کە لە رۆژی تەبلیغی بڕیارەکەوە دەست پیّ دەکات-
3-دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی بنبڕ، دەربارەی ئەو تانەیە لە ماوەی دوو رۆژدا دەردەهێنیّ).

**ماددەی دوازدە:**

ماددەی بیست وچوار هەمواردەکریّ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
(پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، لە سنووری یاساو پێڕۆی گشتی و ئادابدا، سەربەستە، بە مەرجیّ هەیئەی باڵای هەڵبژاردن، هەلی چونیەك بۆ هەموو لیستە رکابەرەکان دەستەبەربکا.

**ماددەی سیازدە:**

ماددەی بیست وهەشت هەمواردەکریّ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
(ماددەی بیست وهەشت: هەیئەی باڵا کارتەکانی هەڵبژاردن لە چاپ دەداو، سندوقەکانی دەنگدان ئامادەدەکا).

**ماددەی چواردە:**

ماددەی سی وپێنج هەمواردەکریّ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی سی وپێنج: لیژنەگەلی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن، ئەنجامەکانی دەنگدان لە رەشنووسگەلێکدا بە ئیمزای خۆی، رێك دەخات و، هاوپێچ گشت بەلگەنامەکانی تایبەت بە بزاڤی هەڵبژاردنیان لەگەڵدا دادەنێ و، لەناو زەرفێکی داخراوی مۆرکراو بە مۆری خۆی، بە هەیئەی باڵای دەسپێرێ).

**ماددەی پازدە:**

برگە(3)لە ماددەی سی وشەش هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(3-ئەگەر، حزبێ، لەناو کۆمەڵە حزبێکدا، کە هەموویان بەناوی یەك نەتەوەوە رکابەری دەکەن (تورکمان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەنی، عارەب)مام ناوەندیی(معدل)هەڵبژاردنی بەدەست نەهێنا، ئەوە، لەو بارەدا، کام حزب لە حزبەکانی ئەو نەتەوەیە زۆرترین دەنگی هێنابێ، کورسییەکی دەدرێتێ).

**ماددەی شازدە:**

برگەی(2) لەماددەی سی وحەوت هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(2-هەیئەی باڵا، پاش دابەشکردنی کورسییە براوەکانی هەر لیستێ، بەسەر پاڵێوراوەکانی ئەو لیستەدا، بەپێی ئەولەویەتی زنجیرەی ناوەکانی پاڵێوراوانی لیستەکە، ئەوجا ناوی ئەوانە رادەگەیێنێ کە ئەندامێتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراقیان بەدەست هێناوە، هەروەها، دوای ئەوەش، پرکردنەوەی کورسییە چۆلەکانی لیستی هەڵبژاردن، بەپێی زنجیرەی ناوەکانی لیستەکە دەبێ و، ناشێ لایەنی خاوەن لیستەکەش کورسی لە هیچ پاڵێوراوێکی خۆی بکێشێتەوە، بەهەر هۆیەك، دەبێ، ببێ).

**ماددەی حەڤدە:**

ماددەی چل وچوار ئیلغادەکرێ.

**ماددەی هەژدە:**

ئەم ماددەیەی خوارەوە، دەخرێتە سەر دەروازەی حەوتەمی حوکمە تاك و تەراکان(المتفرقە):

کۆمیساریەتی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق، بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکانی خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق و بەڕێوەبردنیشی کە لەم یاسایەدا هاتووە جێگای هەیئەی باڵا دەگرێتەوە.

**ماددەی نۆزدە:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی بیست:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی بیست ویەك:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەرکارو، لە (وەقایعی کوردستان) دا بڵاو دەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی - عیراق**